**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**سەرۆکایەتیی هەرێم**

**سەرۆك**

**دەقی پرۆژەکە لە پاش پێداچوونەوەی**
**لەلایەن ئەنجومەنی راوێژ لە هەرێمی**
**کوردستان ـ عیراق**

**بە ناوی گەلەوە**

**بڕیاری ژمارە( )ی ساڵی ٢٠١١**

یاسای پەیمانگای باڵای پەرەپێدانی ئاسایش و کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی لە بەندی(یەکەم) لە ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو پێمان دراوە و پاڵپشت بەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ـ عیراق لە خولی( ) دانیشتنی( )ی رۆژی / / ٢٠١١ دا کردی، بڕیارمان دا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە( )ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای پەیمانگای باڵای پەرەپێدانی ئاسایش و کارگێڕی

## لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی(١):**

مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی دادێن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە واتاکانی بەرامبەر بە هەر یەکەیانە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**چوارەم:** پەیمانگا: پەیمانگای باڵای پەرەپێدانی ئاسایش و کارگێڕی

**پێنجەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی کارگێڕیی پەیمانگا

**شەشەم:** بەڕێوەبەر: بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگا

**ماددەی(٢):**

لە هەرێمدا پەیمانگایەك بەناوی(پەیمانگای باڵای پەرەپێدانی ئاسایش و کارگێڕی) دادەمەزرێت و بە وەزیرەوە گرێ دەدرێت.

## ئامانجەکانی پەیمانگا

**ماددەی(٣):**

پەیمانگا ئامانجیەتی:

**یەکەم:** بەرز کردنەوەی توانای ئەفسەران و بەخشینی زانینی زانستی و تەکنیکی و کارگێڕیی نوێ کە شیاویان دەکات بۆ وەرگرتنی پۆست لە هێزی ئاسایشی ناوخۆدا.

**دووەم:** ئامادە کردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پەیوەندیدار بە کارەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆوە، بەو چەشنەی بەشدار دەبێت لە پەرەپێدانی شێواز و ئامرازەکانی کاریان بە گوێرەی ڕێنمایی ئەنجومەن.

**ماددەی(٤):**

ئەنجومەنێك بە ناوی(ئەنجومەنی کارگێڕیی پەیمانگا) سەرپەرشتیی پەیمانگا دەکات، بەم جۆرەش پێك دەهێندرێت:

**یەکەم:** وەزیر، یان هەرکەسێك لە بری ئەو بێت سەرۆك

**دووەم:** بەڕێوەبەری پەیمانگا ئەندام

**سێیەم:** دوو ئەندام لە ئەفسەرانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بە پلەیەك کە لە(موقەدەم) کەمتر نەبێت لە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا، وەزیر هەڵیان دەبژێرێت.

**چوارەم:** سێ لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژان یان وانەدەران لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆرین، ئەنجومەن هەڵیان دەبژێرێت.

**ماددەی(٥):**

**یەکەم:** ئەنجومەن ئەم پسپۆرییانەی دادێن پیادە دەکات:

١. بە گشتی سەرپەرشتی کردنی کاروباری پەیمانگا.

٢. بڕیاردانی پلان بۆ ڕێکخستنی کاروباری پەیمانگا و پەرەپێدانی و سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی ئەو پلانە.

٣. دیاری کردنی ژمارەی ئەوانەی لە پەیمانگا وەردەگیرێن و مەرجی وەرگرتنیان.

٤. دانانی پرۆگرامی خوێندن لە پەیمانگا و دیاری کردنی سەعاتەکانی.
٥. دانانی رێسای تاقی کردنەوە و دیاری کردنی کاتەکانی.
٦. هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە لە پەیمانگا لە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا لەوانەی خاوەن شارەزایین لەو بابەتانەی گوتنەوەیان دەخرێتە ئەستۆیان.
٧. هەڵبژاردن و دیاری کردنی وانەدەران لە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا یان لەوانەی شارەزاییان هەیە لەو بابەتانەی کە گوتنەوەی وانە لە بارەیانەوە دەخرێتە ئەستۆیان.
٨. بڕیاردانی ئەنجامی تاقی کردنەوەکان.
٩. پێشنیار کردنی بودجەی پەیمانگا.
١٠. چاو خشاندنەوە بەو کاروبارەی دی کە وەزیر رەوانەی لای ئەوی دەکات.

**دووەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بداتە بەڕێوەبەری پەیمانگا.

**ماددەی(٦):**

**یەکەم:** ئەنجومەن بە بانگهێشتی سەرۆکەکەی یان بەگوێرەی پێشنیاری بەڕێوەبەر کۆ دەبێتەوە، بەمەرجێك ماوەی نێوان کۆبوونەوەیەك و یەکی دی مانگ زیاتر نەبێت و بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی رەهای ئامادەبووان دەردەچین، ئەگەر رایەکان یەکسان بوون، ئەو لایەی سەرۆکی لەگەڵدایە زاڵ دەکرێت.

**دووەم:** ئەنجومەن کۆنابێتەوە، تەنیا ئەگەر بەلای کەمەوە پێنج لە ئەندامانی لە نێویاندا سەرۆك یان کەسێك بریکاری بێت، ئامادە بن.

**سێیەم:** خاوەن بەرزترین پلە لە نێو خوێندکاراندا ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن دەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پرسەکانی خوێندکاران، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەن هەبێت.

**چوارەم:** بڕیارەکانی ئەنجومەن جێبەجێ ناکرێن، تەنیا لە پاش ئەوەی وەزیر ئەرێیان دەکات.

**ماددەی(٧):**

ماوەی خوێندن لە پمانگا یەك ساڵی خوێندن دەبێت.

**ماددەی(٨):**

ئەنجومەن لە سەر ئەرکی پەیمانگا کورسی بۆ ئەفسەرانی پۆلیسی دەرەوەی هەرێمی کوردستان تەرخان دەکات.

**ماددەی(٩):**

**یەکەم:** ئەفسەرێکی پۆلیس بە پلەیەك کە لە(عەمید) کەمتر نەبێت و لە هەلگرانی بڕوانامەی باڵا، پەیمانگاکە بەڕێوە دەبات و بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێت و بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران و بەگوێرەی پێشنیاری وەزیری ناوخۆ دادەمەزرێت.

**دووەم:** بەڕێوەبەر جێگرێکی دەبێت کە پلەکەی لە(عەقید) کەمتر نەبێت و لە هەموو ئەوەی دەخرێتە ئەستۆی، لە بەرامبەر بەڕێوەبەردا بەرپرس دەبێت.

**ماددەی(١٠):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەر ئەم ئەرکانەی دادێن رادەپەڕێنێت:

١- بەڕێوەبردنی کاروباری زانستی و کارگێڕی و دارایی پەیمانگا.

٢- جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارگێڕیی پەیمانگا.

٣- بەرز کردنەوەی راپۆرت لەبارەی بەڕێوە چوونی کار لە پەیمانگا بۆ وەزیر.

**دووەم:** بەڕێوەبەر ئەو دەسەڵاتانەی دیکەش پیادە دەکات کە ئەنجومەن پێی دەدات.

**ماددەی(١١):**

پەیمانگا بودجەی تایبەتی هەیە، دەچێتە نێو بودجەی وەزارەتی ناوخۆوە.

**ماددەی(١٢):**

**یەکەم:** ئەنجومەن کرێی ئەو کەسانە دیاری دەکات کە لە پەیمانگادا وانە دەڵێنەوە، بە مەرجێك کەمتر نەبێت لەوەی لە خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمدا بڕیار دراوە.

**دووەم:** ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە هەمان ئەو پشووی خوێندن و مۆڵەتەیان دەبێت کە ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمدا هەیانە.

**ماددەی(١٣):**

ئەو ئەفسەرەی لە پەیمانگادا دەخوێنێت، لەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە خۆی بۆ خوێندن تەرخان دەکات.

**ماددەی(١٤):**

**یەکەم:** ئەنجومەن بڕوانامەی دیبلۆمی بالاّ لە زانستەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەداتە ئەو ئەفسەرەی لە پەیمانگا دەردەچێت و ئەوەی کە تێکڕای ٨٠٪ بەرەو ژوور بەدەست دەهێنێت قیدەمی بۆ ماوەیەك کە یەکسانە بە یەك خشتە دەداتێ، تەنیا بۆ مەبەستی بەرز کردنەوە.

**دووەم:** ئەفسەری دەرچووی پەیمانگا بە نمرەی(نایاب) یان (زۆرباش) وەپێش دەخرێت لە رووی شاندن بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ بەشداری کردن لە زەمالە و خولی خوێندن لە بواری پسپۆرییەکەی خۆیدا.

**ماددەی(١٥):**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە رێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی(١٦):**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیدا جێبەجێ دەکرێت.

## هۆی دەرچوونی

لەبەر رۆڵی ترسناك و گرنگی ئەفسەرانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ لە سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردنی پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ دا، ئیدی ئەوان پێویستیان بە پەرەپێدانی توانای خۆیان و توانای تەکنیکییان هەیە، جا لێرەوە دامەزراندنی دەستەیەك کە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بە کاری لە پێشینە دادەندرێت، ئەویش بە مەبەستی بەرز کردنەوەی توانای ئەفسەرانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ کە زانینی نوێی زانستی و تەکنیکی و کارگێڕییان پێ بدرێت بەو جۆرەی شیاوی وەرگرتنی پۆستیان دەکات لە هێزی ئاسایشی ناوخۆدا. هەروەها ئامادە کردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پەیوەندیدار، بەشدار دەبێت لە پەرەپێدانی شێواز و ئامرازی کاری ئەم هێزە. بۆ بەدی هێنانی ئەوانە، ئەم یاسایە.